خەبات XEBAT

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

Thu, 12. Jan. 2017 No: (5190)

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696

بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر
کارگێڕی: 07504514857 دهۆک: 07504688380 - 07504456553 کەرکووک: 07702196361 سلێمانی: 07501124578 زاخۆ: 07504503475 سۆران: 07504744231


## ماسیگرانی مووش بە مشار پارچە سەهۆڵی زوقمگرتووی سەر دەریاچەی هامورپەت دەبڕن و بەتۆڕ ماسی ڕاو دەکەن

# مووش.. بژێوی ژیانیان لەژێر دەریاچەی زوقمگرتوودا دابین دەکەن





بەهۆی شەپۆلی سەرماوسۆڵە، دەریاچەی هامورپەتی سەربە شارۆچکەی ڤارتۆی لە شاری "مووش"ی باکووری کوردستان بەستوویەتی، بەڵام وێڕای ئەمەش ژمارەیەک لە ماسیگران دەستبەرداری کارەکەیان نەبوون و بەبڕینی پارچە سەهۆڵی زوقمگرتووی سەر دەریاچەکە سەرقاڵی ڕاوە ماسین. دەریاچەی هامورپەت دوو هەزار و 149مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و بەئەستووراییی 30 سانتیمەتر توێژاڵی سەهۆڵ لەسەر دەریاچەکە درووست بووە. ماسیگران دوای بڕینی پارچە سەهۆڵی زوقمگرتووی سەر دەریاچەکە سەرقاڵی ڕاوە ماسین و لە ڕێگەی تۆڕەوە ڕۆژانە چەندین کیلۆ ماسی دەگرن.




## لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئازاد قەرەداغی چاپێکی تازە لە کتێبەکەی بڵاودەکرێتەوە

لە ساڵڕۆژ و بیرەوەری 17ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کۆچی دوایی شەهیدی سەرکردە و پەرلەمانتار ئازاد قەرەداغی وەک ڕێزلێنانێک لە خەبات و ماندووبوونی ئەو پێشمەرگە و پەرلەمانتارە. ژمارەیەکی تازە لە چاپی دووەمی کتێبەکەی بەناونیشانی یادگارییەکانی شارەکەم بە چاپ گەیاندرا، شایەنی باسە ئەم کتێبە ئامادە و کۆکردنەوە و چاپکردنی لە لایەن وێنەگری دێرینی تەلاری پەرلەمان و کوردستان مەحمود هەولێری ئەرکەکەی گیراوەتە ئەستۆ و وابڕیارە لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا ئازاد قەرەداغی وەک وەفا و ڕێزێک دوێنێ چوارشەممە ڕێکەوتی 11/1/2017دابەشکرا.

# سامسۆنگ

## مۆبایلێکی ناوازە بەرهەم دەهێنێت




**هەردەوان مەحمود:** کۆمپانیای سامسۆنگ بەنیازە مۆبایلێکی ناوازە و جیاواز درووست بکات و لەماوەی داهاتووشدا دەیخاتە بازاڕەوە. بەپێی هەواڵێکی وێبسایتە تەکنەلۆژییەکان کۆمپانیای سامسۆنگی کۆری بەنیازە مۆبایلێکی هاوشێوەی ئایفۆن جێت بلاک بەرهەم بهێنێت و ئەوەش جۆرێکی نوێی گالاکسی ئێس ٧ دەبێت، هەروەها ئەو گالاکسییە نوێیە ڕەنگێکی ڕەشی زۆر جوانی دەبێت و بەهەمان شێوەی ئایفۆن پۆلیشێکی زۆر کراوە.
هاوکات درووستکردنی ئەو جۆرە نوێیەی گالاکسی ئێس ٧ دوای ئەوە هاتووە چەندین بەکارهێنەر حەزیان بەو ڕەنگە کردووە و سامسۆنگیش زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و دەیەوێت دووبارە بەکارهێنەران بۆخۆی ڕابکێشێتەوە، هەروەها کاتی خستنەبازاڕەکەی ئاشکرا نەکراوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت لەمانگی داهاتوودا سامسۆنگ بیخاتە بازاڕەوە.

## بەم نزیکانە کتێبی (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا) بخوێننەوە



بەم نزیکانە کتێبی (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا لە ماوەی نێوان ساڵانی **1969-1978)** بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کە لە لایەن شێرکۆ حەبیب لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی، دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران، دەستخۆشی لە کاک شێرکۆ حەبیب دەکەین، خەرمان بەرەکەت.



# ئەڤین ئاسۆ

## خوشکەکەی دێنێتە نێو بواری ڕاگەیاندن

چاوە ئاسۆ خوشکی ئەڤین ئاسۆ وەک پێشکەشکاری نوێی کەناڵی نێت تیڤی دەستبەکار دەکات.
ئەڤین ئاسۆی پێشکەشکاری کورد و یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کەناڵی نێت تیڤی، لە ماوەی ڕابردوودا خوشکەکەی هێناوەتە کەناڵەکە و پێشتر وەک دۆبلێر کاریکردووە.
بڕیارە لە وەرزی نوێی کەناڵی نێت تیڤیدا چاوە ئاسۆ وەک پێشکەشکار لەو کەناڵە دەربکەوێت.
چاوە ئاسۆی خۆشکە تەمەن 24 ساڵانەکەی ئەڤین ئاسۆ پێشکەشکاری ناسراوی کورد و لەهەمان شوێنی ئەڤین کاردەکات و هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە کارمەندانی ئەو دەزگایەدا کردووە.

## شیرینی شیری دایک، منداڵ دەپارێزێت



**ڕێبوار :** پسپۆڕانی بریتانی لەو بڕوایەدان کە شیرینی نێو شیری دایک دەتوانێت ببێتە هۆی پاککردنەوەی جەستەی منداڵ لە نەخۆشییە هەوکردنەکان . زانایانی بریتانی ڕایانگەیاند کە شەکری نێو شیری دایک جەستەیی منداڵ لەگەشت ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی تووشبوون بەنەخۆشییە هەوکردنەکان پاک دەکاتەوە، بەو مانایەی کە شیری داکی دەتوانێت کوئەندامی بەرگری منداڵ بەهێز بکات . بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەری ئاژانسی " یونایتدپرێس"، تیمێک لە توێژەرانی کۆلیژی شاهانەی لەندەن لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆیاندا بۆیان دەرکەوت کە جۆرێک شەکر بەناوی " لاکتۆ - ئێن " دیفوکهیکسۆبس"، لە نێو شیری دایک بوونی هەیە کە چەند هەفتە پێش لە دایکبوون، ستریپتۆکۆک و گروپی بی لە لەشی منداڵ خاوێن دەکاتەوە ، بۆیە زانایان هیوادارن کە بەو دەسکەوتەزانستییە نوێیانە بتوانن شێوازی چارەسەری نوێ بۆ ڕێگەگرتن لە نەخۆشییە هەوکردنەکان لە نێو دایک و منداڵ بدۆزنەوە.
بە وتەی زانایان "ئیگۆساکاریدکان" ، ئەو جۆرە شەکرانەی نێو شیری دایکن و لە نێو لەشی منداڵ هەرس نابن ،بەڵام بە لە جیاتی بەکتریا بەسوودەکانی نێو ڕیخۆڵە بەکاریان دێنن. ئەنجامی چەندین توێژینەوەی جیاواز پیشانی داوە کە شیری دایک ڕێگە لە تووشبوون بە چەندین نەخۆشی وەک " حەساسییە، هەموو جۆرەکانی نەخۆشی لە نێو منداڵ دەگرێت . بە بڕوای زانایانی بریتانی شەکری نێو شیری دایک دەتوانێت ڕێگری لە هەوکردنەکان و بەکتریا ناسوودەبەخشەکان بگرێت و لە هەمانکاتیشدا کۆئەندامی بەرگری بە هێز بکات.

## ئایفۆن 7ی لۆکس بۆ ڕۆژی لە دایکبوونی «ڤیلادمیر پوتین»

ڕێبوار :کۆمپانیایەکی ڕووسی بەرهەمهێنەری کەلوپەلە گرانبەهاکان جۆرێک ئایفۆن 7ی تایبەتی بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی " ڤیلادمیر پۆتین " ئامادە کردووە. کۆمپانیای ڕووسی " کاڤیار" caviar، کە تایبەت بە مۆبایلە گرانبەهاکان و کەلوپەلی دیکەی لوکس ، ژمارەیەک مۆبایلی ئایفۆن 7ی بە مەبەستی ڕۆژی لەدایکبوونی پۆتین ئامادە و نمایشکردووە. بە پێی ڕاپۆرتێکی ماڵپەری " ڕووسیا ئەلیۆم"، ناوی ئەو مۆبایلی ئایفۆن 7 Supremo Putin Damascus ناونراوە ، بە پۆڵایی دیمەشقی جوانکاری



بۆ کراوە و وێنەی سەرۆککۆماری ڕووسیا پۆتین لەسەر نەخشێندراوە .جێی ئاماژەیە، نرخ و بەهای ئەو مۆبایلە نزیکەی 3000دۆلار و نرخی جۆری تیتانیۆمی بە 3500دۆلاری ئەمەریکییە.